## راهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا:

# بە بەردەوامی پاڵەپەستۆمان لەسەرە



چوونی کەشتییەکەی فەرەنسا بۆ باشووری ئەفریقیا زۆر ئاسان نەبوو، دوای ئەوەی لە کۆمەڵەی حەوتەم بە پلەی دووەم هات دوای هەڵبژاردەی سربیا و دواجار لە پاشکۆی ئەوروپی رووبەرووی کۆماری ئێرلەندە بۆوە و لە دوو یاری زۆر بەهێز برادەرانی تیری هینری توانیان پلیتی گەیشتن بۆ مۆندیال مسۆگەر بکەن و بۆ جاری سیانزەم بگەنە ئەو کەرنەڤاڵە جیهانییە، دۆمەنیک یەکێك بوو لە رزگارکەرانی ئەم کەشتییە لەنقووم بوون، دۆمەنیك کە تەمەنی ٥٨ساڵە توانی فەرەنسیەکان بگەینیتە دوو پاڵەوانییەتی گەورە، ئەویش کۆتاییەکانی مۆندیالی ٢٠٠٦ و جامی نەتەوەکانی ئەورووپای ٢٠٠٨، بەڵام ئەرشیفی رێوی دەریا هیچ نازناوێکی تێدا نییە کەچی دۆمەنیك هیواداراه بتوانی ئەرشیفی خۆی بە نازناوی مۆندیالی داهاتوو برازێنێتەوە، بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیی ریمۆن دۆمەنێك راهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا لە گۆڤارەکەمان بڵاویکەینەوە.

*** چەند هەفتەیەك ماوە بۆ دەستپێكردنی ركابەرییەكانی مۆندیالی باشووری ئەفریقیای ٢٠١٠ دەكرێ بزانین ئەم میواندارییە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ئەوەی زانیوومە هیچ كێشەیەك نییە باسی لێوەبكەم یاریگاكان زۆر رێكوپێك و جوانن و هەندێ نۆژەنكردنەوەی پێویستە و هێشتا زیاتر لە مانگێكیان لەبەردەستدایە.

*** لە كاتی پاڵاوتن لە هەموو لایەكەوە گلەیی و گازاندەت لێدەكرا، ئایا ئەم گلەییانە بووەتە هۆكاری تیپەكەتان یەكگرتوو و یەكڕیز بن؟**

- یاریزانەكان بەو قسانە راهاتوون و باش دەزانن كە ئاستێكی وایان پێشكەش نەكردووە كە جەماوەر لێیان رازی بێ و گلەیی و گازاندەكان زیاتر رووبەڕووی من كراوەتەوە نەك یاریزانەكان، بەڵام مۆندیال كاری وان دەبێت و ئەوان لەبەرچاو دەبن و لەگەڵ دەستپێكردنی مۆندیال كلیلەكەیان تەسلیم دەكەم و منیش لە لای خۆمەوە هیچ درێغیان لەگەڵدا ناكەم.

*** سەبارەت بە خودی خۆت چۆن پێشوازیت لەو هێرشانە دەكرد كە دەكرایە سەرت؟**

- وەكو هەموو راهێنەرێك، حەز دەكەم بە بەردەوامی باسی ئەو بۆقە بكەم كە خۆی هەڵدەداتە ناو ئاوی گەرم و هاوار دەكات و گەر بیخەینە ناو ئاوی سارد بەهێواشی پلەی گەرمای بۆ زیاد بكەین دەبینین زیاتر دەمێنێتەوە، ئێمە بە بەردەوامی لە ژێر پاڵەپەستۆ دایین ئەمەش كارێكی ئاساییە.

*** لە پاڵاوتندا، تیپەكەت شێوازێكی باشی نیشان نەدا سەرەڕای ئەوەی بەشێوەی تاك زۆر باشن، دەكرێ بزانین لە چیان كەمە بۆ گەڕانەوەیان بۆ ئاستی راستەقینەیان؟**

- یاریزانی لاو بە گشتی هاتوونەتە رێزی هەڵبژاردەكان تەنیا بەرازیل نەبێ كۆمەڵێك یاریزانی یەدەگی ئاست بەرزی تێدایە و ئەمەش دەبێتە هۆكارێك كە بە بەردەوامی تیپەكە نوێ بكاتەوە و كار ناكاتە سەر ئاستی تیپەكەی و هەموو هەڵبژاردەیەك پشت بە یاریزانی دوا ڕۆژ دەبەستێ، كێشەی گەورەی ئێمە تەمەن گەورەیی زۆر لە یاریزانەكانە و هەندێكیشیان وازیان هێناوە، دەبێ ئێمە جێگایان بە یاریزانانی دیكە پڕبكەینەوە و هەندێ كەس بڕوایان بەم گۆڕانكاریانە نییە، ئەمڕۆ ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین نەوەی نوێ بۆ فەڕەنسا دروست بكەین.

*** لە ١٨ی تشرینی دووەم لە یاری دژی ئێرلەندە ترس بەسەر هەڵبژاردەی فەڕەنسادا زاڵ ببوو سەرەڕای بوونی چەندین یاریزانی بە توانا؟**

- ئەمە كارێكە تێگەیشتنێكی باشی دەوێ گەر هەڵبژاردەیەك لە ماڵی خۆی بە گۆڵێك بدۆڕێنێ، وەك هەڵبژاردەی ئێرلەندە و خەونی گەیشتنی بۆ مۆندیال لەسەر تۆماركردنی یەك گۆڵ دەوەستێت و لەسەرخۆ یاری دەكات بێ سانسۆر و ئەم تیپە تەنیا بیر لەوە دەكاتەوە كە چۆن تۆڕی ركابەرەكەی بهەژێنێت، بۆیە هەوڵ دەدات ئاستێكی بەرز نیشان بدات.

لە لایەكی دیكە ئەم یارییە گەر بباتەوە دەبێتە هۆكارێك بۆ گەیشتنیان بۆ كەرنەڤاڵی جیهانی.

*** لە تیروپشك كەوتنە كۆمەڵەی ئەو وڵاتەی كە میوانداری مۆندیالی ٢٠١٠، ئایا ئەمە نیگەرانتان ناكات؟**

- لە كاتی ركابەرەییەكانی مۆندیال گەر رووبەڕووی هەڵبژاردەی باشووری ئەفریقیا ببینەوە، ئەمە شتێكی دڵخۆشكەرە و ئێمە هەزار حیسابمان بۆ ئەو یارییە كردووە و لەبیریشتان نەچێت لە سێیەمین یاریمان رووبەڕووی باشووری ئەفریقیا دەبینەوە و ئەو یارییەش چارەنووسساز دەبێت بۆ گەیشتنمان بۆ قۆناغی دووەم، بۆیە ئەم یارییە نابێت فەرامۆش بكرێت.

*** لە ساڵی ٢٠٠٦ پێش دەستپێكردنی ركابەرییەكانی مۆندیالی ئەڵمانیا، لە ٩ی تەمموز یاریتان كرد، ئایا دەتوانن بە هەمان شێوە دڵی جەماوەری كەلەشێرەكان لە ١١ی تەمموز خۆش بكەن؟**


- گەر هاتوو بە قەناعەتەوە كارمان كرد ئەوە بەرگری لێدەكەین و سەرەتا لە ٢٠٠٦ سەیرم كردن و لە دەمانەوە قسەی وام دەبیست دەمزانی دەگەینە یاری كۆتایی، بەڵام ئەمڕۆ یاریزانەكانم ئامادەن بچنە مۆندیال، زۆرترین گومان و شتی دیكە هەن كە ژینگە پێس دەكەن و ئەو كاتەی یاریزانەكانمان كۆكردەوە و ئەو كات دەزانم چۆن وەڵامتان دەدەمەوە.



# ئایا ڤان دێر ڤارت دەچێتە چێڵسی؟

ڕۆژنامەکانی ئینگڵتەرە ئاماژەیان بەوەدا کە یانەی چێڵسی هەوڵ دەدات بۆند لەگەڵ یاریزانی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی هۆڵەندە ڤان دێر ڤارت مۆربکات.
بە پێی ڕۆژنامەی (میرۆر)ی ئینگلیزی بەناوبانگ یانەی چێڵسی هەر لە ئێستاوە گفتوگۆی لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانی ڤان دێر ڤارت دەست پێ کردووە بۆ ئەوەی بە فەرمی بۆندێك پێشکەش بەم یاریزانە بکەن، هەمان ڕۆژنامە تەئکیدی کردەوە کە یانەی چێڵسی ١٠ ملیۆن جنیەی ئیسترلینی بۆ ئەم یاریزانە تەرخانکردووە.
هەرچەندە ڤان دێر ڤارت لە سەرەتای وەرزی ئەمساڵ زۆر نزیك بوو کەوا یانەی ریال مەدرید جێبهێڵێت بەهۆی یارینەکردنی لە زۆربەی یارییەکان، بەڵام دوای ئەوەی یاریزان کاکا تووشی پێکان هات ئەم یاریزانە ئاستێکی یەکجار بەرزی لەگەڵ تیپی شاهانە نیشاندا جێگەی خۆی لە تیپەکە کردووە، بەڵام ڕاهێنەر پشت بەم یاریزانە نابەستێت و چاوەڕوان دەکرێت دوای گەڕانەوەی کاکا دووبارە ڤان دێر ڤارت لەسەر کورسی یەدەگ دانیشێت.
یانەی چێڵسی هەوڵ دەدات هێڵی ناوەڕاست بۆ وەرزی داهاتوو بەهێز بکات دوای ئەوەی سوودی لە هەندێك یاریزان وەرنەگرت وەکو دیکۆ کە چاوەڕوان دەکرێت دوای کۆتایی هاتنی ئەم وەرزە یانەکە جێبهێڵێت.
جێگەی باسە ڤان دێر ڤارت لە ساڵی ٢٠٠٨ پەیوەندی بە تیپی شاهانە کرد دوای ئەوەی لە یانەی هامبۆرگ یاری دەکرد.



## فیگۆ بۆ ڕۆژنامەکانی کاتالۆنیا لێدوان نادات

دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو تیروپشکی یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە سویسرا ئەنجامدرا، پاش کۆتایی هاتنی ئەنجامی تیروپشکەکە زۆربەی ڕۆژنامەکان هەوڵیان دەدا لێدوان لە نوێنەری یانەکان وەربگرن، بەڵام نوێنەری یانەی ئەنتەر میلان لویس فیگۆ ئامادە نەبوو بۆچوونی خۆی دەرباری یاری کردنی یانەی ئەنتەر میلان بەرامبەر یانەی سیسکا مۆسکۆی ڕووسی بۆ ڕۆژنامەکانی کاتالۆنیا دەربڕێ، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەکانی کاتالۆنیا بەهەمان شێوە ئامادە نەبوون لێدوان لە لویس فیگۆ وەربگرن دەرباری یارییەکە.
جێگەی باسە جەماوەری کاتالۆنیا فیگۆ بە خۆفرۆش وەسف دەکەن دوای ئەوەی یاریزانی ناوبراو کاتێك لە بەرشلۆنە یاری دەکرد چووە ڕیزی یانەی ریال مەدرید.

## ئەنتەر میلان چاوی لە ڕامیرێزە

سەرچاوە هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە یانە گەورەکانی ئەوروپا هەوڵ دەدەن بۆند لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی بەنفیکا ڕامیرێز مۆربکەن، ئەم یاریزانە ئاستێکی یەکجار بەرز لەگەڵ یانەکەی نیشان دەدات بەتایبەتی کاتێك کە کاری بەرگری پێ دەسپێردرێت، جۆزیە مۆرینهۆ هەر لە ئێستاوە هەوڵ دەدات ئەم یاریزانە بهێنێتە یانەکەی بۆ ئەوەی وەرزی داهاتوو لە ڕیزی ئەنتەر میلان یاری بکات، سەرچاوەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد یانەی ئەنتەر میلان بڕی ١٠ ملیۆن یۆرۆی بۆ ئەم یاریزانە تەرخان کردووە.
لە پاڵ ئەنتەر میلان هەریەکە لە مانچستەر سیتی و چێڵسی هەوڵ دەدەن بۆندی لەگەڵ مۆربکەن.




ڕامیرێز لە ڕیزی هەڵبژاردەی بەرازیل یاری دەکات و تەمەنی ٢٢ ساڵە و پێشتر یاری بۆ یانەی کرۆزێرۆی بەرازیلی دەکرد.

## فلامینگۆ هیواداره رۆناڵدینهۆ بەشداری مۆندیال نەکات



یانەی فلامینگۆ هیواداره یاریزانی بە توانای هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی ئەی سی میلان رۆناڵدینهۆ بانگهێشتی هەڵبژاردەی بەرازیل نەکرێت بۆ ئەوەی بەشداری مۆندیال نەکات، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی بۆند لەگەڵ ئەم یاریزانە مۆربکەن.

بە پێی رۆژنامەی (گلۆبۆ سپۆرت)ی بەرازیلی کە تەئکیدی لەوە کردووە باتریشیا ئەمۆریزم، سەرۆکی نوێی یانەی فلامینگۆ دەستی بە گفتوگۆ کردووە لەگەڵ بەرێوەبەری کارەکانی یاریزان رۆناڵدینهۆ بۆ ئەوەی ئەم یاریزانە وەرزی داهاتوو لە یانەی فلامینگۆ یاری بکات، هەورەها هەمان رۆژنامە ئاماژەی بەوە دا کە سەرۆکی یانەی فلامینگۆ بە تەواوی بۆند لەگەڵ رۆناڵدینهۆی تەمەن ٣٠ ساڵ مۆردەکات کاتێك کە رۆناڵدینهۆ بەشداری مۆندیال نەکات، بەڵام گەر هاتوو هەڵبژاردەی بەرازیل بانگهێشتی رۆناڵدینهۆ بکات بۆ ئەوەی بەشداری مۆندیال بکات ئەوە یانەی فلامینگۆ دەستبەرداری رۆناڵدینهۆ دەبێت.

جێگەی باسە رۆناڵدینهۆ هەوڵێکی یەکجار زۆر دەدات بۆ ئەوەی بتوانێ شوێنی خۆی لە هەڵبژاردەی بەرازیل بکاتەوە بۆ ئەوەی بەشداری مۆندیال بکات.

## پۆلیس ئۆتۆمبێلەکەی ئیتۆی دۆزیەوە

دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو ئۆتۆمبێلی ئیتۆ لە جۆری بنتلی تووشی دزین هات، بەڵام بە پێی سەرچاوە هەواڵەکانی فەرەنسا ئاماژەیان بەوە دا کە پۆلیس توانیویەتی ئۆتۆمبێلەکەی ئیتۆ بدۆزێتەوە. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوە دا کە یاریزانی هەڵبژاردەی کامیرۆن و یانەی ئەنتەر میلان ئیتۆ دوای دزینی ئۆتۆمبێلەکەی رووی لە بنکەیەکی پۆلیس کرد ئەوانیش هەر زوو بە شوێنی ئۆتۆمبێلەکە گەڕان بە کەمترین ماوە توانیان لە هەمان رۆژ ئۆتۆمبێلەکە بدۆزنەوە.

ئۆتۆمبێلی ئیتۆ لە جۆری بنتلی-ە کە نرخەکەی دەگاتە ١٥٠ هەزار یۆرۆ، دوای ئەوەی ئیتۆ ئۆتۆمبێلەکەی دەداتە مارکۆ ئەرناوتۆڤیتچ هاورێی ئیتۆ و یاریزانی ئەنتەر میلانە و بە (کریستیانۆی نەمسا) ناسراوە، ئەم یاریزانە ئۆتۆمبێلەکەی ئیتۆ لە نزیك هۆتێلی شیراتۆن لە شاری میلانۆ رادەگرێت، دزەکە ئەم هەلە هەڵدەقۆزێتەوە و ئۆتۆمبێلەکە دەبات.

جێگەی باسە پۆلیس، ئیتاڵیا ئاماژەی بە چۆنییەتی دۆزینەوە و شوێنی دۆزینەوەی ئۆتۆمبێلەکە نەدا.

## پێدرۆ: میسی ئەفسانەیە و لە ماردۆنا باشترە



دوای ئەوەی یاریزانی بە توانای یانەی بەرشەلۆنە و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لیۆنێل میسی لەم چەند یاریی دواییدا ئاستێکی یەکجار بەرزی نیشاندا و بووە قسەی سەر زاری هەموو رۆژنامەکانی ئیسپانیا و جیهان کە لە هەموو لایەنێکەوە ستایشی ئەم یاریزانە دەکەن، لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەری فەرمی یانەی بەرشەلۆنە یاریزان پێدرۆ رۆدریگێز تەئکیدی لەوە کردووە کە یاریزان میسی لە ماردۆنا باشترە و گوتی: من لەگەڵ میسی یاری دەکەم و رۆژانە ئەم یاریزانە دەبینم، بۆیە بە بۆچوونی خۆم میسی زۆر لە مارادۆنا باشترە، میسی باشترین یاریزانە کە لە یانەی بەرشەلۆنە یاری کردبێت لەسەرەتای مێژووی تۆپی پێیەوە تا ئێستا.

پێدرۆ لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: هەرچەندە ماردۆنا باشترین یاریزانی جیهان بوو، بەڵام میسی هێشتا گەنجە و توانیویەتی لە ماردۆنا باشتر بێت، زۆر کەس پرسیارم لێدەکەن و دەڵێن میسی چۆنە؟ منیش وەڵامیان دەدەمەوە دەڵێم : میسی کەسێکی مۆدێرنە و زۆر هێمن و حەزی لە هاورێیەتییە و لە کارەکان و مەشقەکانی زۆر جدیە.



# کردنەوەی خولی تایبەت هۆکارێکە بۆ ئاستی بەرزی راهێنەران

**بۆماوەی شەش رۆژ بەهەردوو شێوازی پراکتیکی وتیۆری راهێنەرانی کوردستان لە پایتەختی کوردستان بەشداریان لە خولێکی بەهێزکردنی توانای ئاستی راهێنەراندا کرد، کە راهێنەری بەناوبانگی ئەڵمنیا (پیتەرفۆلمان)وانەکانی بە راهێنەرانی کوردستان دەگوتەوە، ئایا کردنەوەی ئەو خولە دەبێتە فاکتەرێك بۆ بەرەوپێشچوونی ئاستی توانای راهێنەران بۆئەوەی یاریزانانەکانی کوردستان زۆرترین سوود لە ڕاهێنەرانی خۆمان وەربگرن، بۆتیشك خستنە سەر ئەم بابەتە ئەم راپۆرتەمان لە کاتی بەڕێوەچوونی خولەکە لەگەڵ راهێنەرانی بەشداربووی خولەکە ئەنجامدا .**

راپۆرت :کارزان کانەیی



سەرەتا (سەردارسالح)ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە بارەی خولەکە گوتی "دیارە کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە سودی زۆری هەیە بۆ ڕاهێنەران ساڵ بە ساڵیش خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەهێز تر دەبێت، ئەم خولانەش کە دەکرێت زۆربەی ڕاهێنەرانی بەشدار بوو سودی تایبەتی لێوەردەگرن، ئەو پسپۆرانەی کەوا خولەکانیان دەگوتەوە زانیاریەکانیان زۆر بەسوود بوون ئێمەش سوود لەوان وەردەگرین و بە یاریزانانی خۆمانی دەڵێینەوە، ئەم خولەش لە چاوی خولەکانی پێشووتر زۆر سوودمەند بوون، زۆر سوودمان لە وانەبێژی بەتوانا پیتەر فۆلمان وەرگرت، هەروەها لە لایەنی هونەریش زۆر سوودمان لەم پسپۆرە بەتوانایە وەرگرت، دەست خۆشی لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەین، بۆئەنجامدانی ئەم جۆرە خولانە، هیواداریشین ئەم جۆرە خولانە بەردەوام بکرێتەوە بۆ بەرەوپێشچوونی ئاستی وەرزشی کوردستان بە تایبەتی بۆتۆپی پێ. لە بارەی کێشەی خولەکەش گوتی "بەڕاستی هیچ کێشەیەکی نەبووە، بگرە بەتەواوی هاوکاریان کردین، گشت پێدوایستیەکانیان بۆدابین کردین، بەکردنەوەی ئەم جۆرە خولانەش لەو بڕوایەم ئاستی وەرزشی شارەکانی کوردستان لە تۆپی پێ زۆر پێش دەکەوێت .

(جەلیل جەمیل) ڕاهێنەری یانەی خاکی شاری کەرکوك گوتی "بەڕاستی ئێمە لەماوەی ئەم شەش رۆژەی کە بەردەوام بووین لە خولەکە لە تەواوی وانەکانی خولەکە سوودێکی زۆرمان بینی، بێ گومان کردنەوەی هەرخولێکیش لە هەر وەرزشێك بێت هەر یارییەك بێت ئەگەر پسپۆرێکی ئەزموون دار وانەکان بلێتەوە ئەوا سودی تایبەتی دەبێت بۆبەشدار بووان، ئەم خولەش بەهەردوو شێوازی تیۆری وپراکتیکی وانەکان دەڵێنەوە ئەمەش سوودێکی باشی هەبوو بۆ بەشداربووان، چونکە وانەکان زۆر بە روونی دەگوترانەوە، تەواوی راهێنەران سودێکی زۆریان لێ بینی، هیواریشم کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە بەردەوام بێت، چونکە دەبێتە هۆی گەشەپێکردنی ئاستی وەرزشی کوردستانی خۆشەویستمان، ئێمەش هەول دەدەین بەهۆی گرنگی خولەکە تەواوی وانەکانی خولەکە بۆیاریزانان بگوازینەوە، سوپاسی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەین بۆکردنەوەی ئەم جۆرە خولانە، هیواریشن ماوە ماوە ئەم جۆە خولانەمان بۆئەنجام بدەن ئێمەش بتوانین زۆرترین سوود لە وانە بێژەکان ببیین و پەیڕەوی رێچکەی ئەوان بگرین بۆپێشکەوتنی وەرزشی کوردستان .

(مەناف شێخۆ )ڕاهێنەری یانەی زاخۆ گوتی "بەڕاستی ئەوە ماوەی هەفتەیەکە ئێمە لە خولێکی وا گەورە بەشدارین وەکو ڕاهێنەرانی کوردستان سودێکی یەکجار گەورەمان لەم خولە بینیوە کەوا

لەماوەیەکی ئەوەندە کورتدا سودێکی پڕ بایەخمان وەرگرتووە، ڕاهێنەری ئەڵمانی دکتۆرفۆلمان زۆر بابەتی بە سوودی بۆمان باس کردووە کە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە وەرزشی تۆپی پێ ئێمەش دەتوانین بە یاریزانەکانمان بڵێینەوە بۆئەوەی بتوانین سودی زۆریان پێ بگەیەنین، زۆر بابەتی گرنگی لە شـێوازی یاری کـردن و پلانی یاری کردنی بـۆی باس کردین کە هەتا ئێستا باس نەکراوە ئێمەش دەزانین زۆرترین سوود لەم خولە وەربگرین وگوتنەوەی ئەم جۆرە خولانە بەهەردوو شـێوازی پراکتیکی و تیۆری زۆر بە سـوود بوو، چونکە وانەکانـی لە یاریگا بە کردەوە تاقیمان دەکردەوە، دەتوانم بڵێم بە ئاسـتێکی زۆر بەرز سودمان لەم جۆرە خولە وەرگرتووە، هیوادریشین کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە بۆ ڕاهێنەرانی کوردسـتان بەردەوام بێت بۆ پێشکەوتنی ئاستی وەرزشی کوردستان،ئەم خولەش هیچ کێشەیەکی نەبوو کەوا شایەنی باس کـردن بێت من لەو بڕوایەشـم ئەگەر کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە بـەردەوام بێت ئەوا ڕۆژ بەڕۆژ ئاستی خولی کوردسـتان زیاتر بەرەوپێشچوونی گەورە بەخۆیەوە دەبینی .

(فەرحـان جەبـار) ڕاهێنەری یانـەی ئارارات گوتـی "خۆی کردنـەوەی ئەم جـۆرە خولانە بەهەردوو شێوازی پراکتیکی و تیۆری سوودێکی زۆری هەبـوو بابەتی زۆر تازەیان بە ڕاهێنەرانی بەشـداربوو دەگوتەوە، بۆ ئەوەی ئێمەش تەواوی وانەکانـی پیتـەر فۆلمان کەوا سـوودی زۆر تایبەتی هەبوو بۆ بەرەوپێشـچوونی ڕەووشـی وەرزشـی کوردسـتان، ئێمەش بتوانین زۆرترین سـوود بە یاریزانەکانمان بگەیەنین، هیواداریشین کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە بەردەوام بێت و بەڵام باماوەکانی خولەکە زیاتر بێت نەك بەشێوەی ئەم ماوە کورتە بێت، ئاشکراشە کردنەوەی خول سودی زۆری دەبێت بۆبەرزکردنەوەی ئاستی ڕاهێنەران، ئێمەش بەهیوای ئەوەین بتوانین زۆرترین سـود بەیاریزانانی خۆمانی بگەینین بۆ پێشـکەوتنی ئاستی وەرزشی کوردستان .

(عومـەر خەتاب)بەڕێوەبـەری خولی ڕاهێنەران گوتـی "خۆتان دەزانـن یەکێتـی تۆپی پێی کوردسـتان ئەمە یەکەم خـول و دوایین خولی نییە کەوا ئەنجامی داوە، ئێمە بەردەوام دەبین لە کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە بۆئەوەی ڕاهێنەرانی کوردستان سوودمەند بن، ڕاهێنەرانیش بتوانن ئەم بابەتە گرنگانە دابە شـکەن بەسـەر یاریزانانی یانەکانیان بۆئەوەی زۆرترین سودیان پێ بگات. ئێمەش شان بەشـانی وڵاتانی تر تیپمان هەیێت، لەم خولەش ڕاهێنەرانی بەشداربوو تازەترین بابەتی یاری تۆپـی پێیان بۆباس کرا، هەول دەدەین ئەم جۆرە خولانە بـەردەوام بێت ئێمـەش هیوادارین بتوانین زۆرترین سـوود بە وەرزشـی کوردستان بگەین و لەخزمەتی وەرزشی کوردستان دابین بۆ هەرچی زیاتر پێشکەوتنی.

## بالۆتێلی دەچێتە یانەی میلان؟



دوای ئـەوەی هەفتەی ڕابردوو یاریزانی یانەی ئەنتـەر میلان ماریۆ بالۆتێلی لە پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنی درێسـی یانەی ئەی سی میلانی لەبەر کرد، ئـەم کەناڵە تەلەڤزیۆنیە خاوەنەکەی سلڤیۆ برلسکۆنیە سـەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا و سەرۆکی یانەی ئەی سی میلانە.

ئەمـەش ڕاهێنـەری یانـەی ئەنتـەر میلان مۆرینهۆی تووشی نیگەران کرد و ئەم یاریزانەی لە پێکهاتەی تیپەکەی دووردەخستەوە.

ئەمـە دووەم جارە مۆرینهۆ لەگـەڵ بالۆتێلی تووشـی کێشـە دەبن دوای ئەوەی لە ژووری خۆ گۆڕینـی یاریزانەکان کێشـەیەك لە نێوان هەردووکیان ڕوویدا.

دوای ئـەم ڕووودوانە سـەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا و سـەرۆکی یانەی ئەی سـی میلان سلڤیۆ برلسـکۆنی لە لێدوانێکیدا ئەوەی ڕایگەیاند کە یانەی میلان ئامادەیە بۆنـد لەگەڵ بالۆتێلی مۆربکات، گوتی: دەزانم بالۆتێلی حەز دەکات لە میـلان یاری بـکات، بـەڵام نازانم دێتە یانەکەمان یان نا و من لەم کات و ساتەدا ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

جێگەی باسـە ماریۆ بالۆتێلی لە سـەرەتای وەرزی ئەمسـاڵ و وەرزی ڕابردوو ئاسـتێکی یەکجار باشی نیشاندا، بەڵام لە ٣ یاری ڕابردوو، مۆرینهۆ ئەم یاریزانەی لە پێکهاتەی تیپەکەی دوورخستەوە. شایانی ئاماژە پێدانە بالۆتێلی لە دایکبووی گانایە، بەڵام خـاوەن ڕەگەزنامەی ئیتاڵیایە.

## ڕەنگە میلان پاتۆ بفرۆشێت

ڕۆژنامەکانی ئیتاڵیا ئاشـکرایان کرد کەوا یانەی ئەی سـی میلان بیر لە فرۆشـتنی یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل ئەلیکسـاندەر پاتۆ دەکاتـەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاتۆ زۆر تووشی پێکان دەبێت، یانەکەی لە وەرزی ئەمسـاڵ نەیتوانیوە سـوود لەم یاریزانە وەربگرێت.

پاتۆی تەمەن ٢٠ ساڵ هەفتەی ڕابردوو لە یاری بەرامبەر یانەی ناپۆلی لە یارییەکانی خولی ئیتاڵیا دووبارە تووشـی پێکان هات و بۆ ماوەی سێ هەفتە لە یاریگا دوورخرایەوە .

ڕۆژنامـەی (تێلی لۆمباردیـا)ی ئیتاڵی ئەوەی ئاشـکرا کـەوا ئەی سـی میلان هەرچۆنێك بێت هـەوڵ دەدات ئەم یاریزانە بفرۆشێت و سوودێکی باش لە فرۆشتنی ئەم یاریزانە وەربگرێت، هەمان ڕۆژنامە ئەمەی ئاشـکرا کرد یانەی میلان دوای فرۆشتنی پاتۆ هـەوڵ دەدات بۆند لەگـەڵ یاریزانی یانەی ڤۆلسڤۆرگی ئەڵمانیا و هەڵبژاردەی بۆسنە ئەدین دزیکۆ مۆر بکاتەوە.

جێگەی باسـە یانەی چێڵسی لە پار ساڵەوە هەوڵ دەدات بۆنـد لەگەڵ پاتۆ مۆربکات، بەڵام لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە.

